زانكۆی سەلاحەدین-هەولێر

Salahaddin University-Erbil

# وێنەی پیاو لەشیعرەکانی کەژاڵ ئەحمەد دا

## پرۆژەی دەرچونە

پێشکەش بەبەشی (کوردی) کراوە، وەک بەشێک

لە پێداویستیە کانی بەدەست هێنانی بڕوانامەی بەکالۆریۆس لە زمان

وئەدەبی کوردی

ئامادە کراوە لەلایەن قوتابی:

**ئومەیمە شەریف مەحەمەد ئەمین**

بەسەر پەرشتی:

**پ.ی.د.ئاسۆ عبدالرحمان بابان**

٢٧٢٤ کوردی ٢٠٢٤ زاینی ١٤٤٤ کۆچی

| بابەت | لاپەرە |
| --- | --- |
| سوپاس و پێزانین | 4 |
| پشتگیری و ڕەزامەندی سەرپەرشتیار و سەرۆک بەش | 5 |
| پشتگیری و ڕەزامەندی ئەندامی لیژنە | 6 |
| پێشکەشە بە | 7 |
| پێشەکی | 8 |
| **بەشی یەکەم** | |
| 1 تەوەرەی یەکەم(چەمک و پێناسەی کۆمەڵ و جێندەر(ڕەگەز)) | 9-16 |
| 1.1 چەمکی کۆمەڵ: | 9 |
| 1.2 پێناسەکانی کۆمەڵ: | 10 |
| 1.3 تایبەت مەندیەکانی کۆمەڵ: | 11 |
| 1.4 جێندەر (ڕەگەز): | 12 |
| 1.5 پێناسەی جێندەر (ڕەگەز): | 13 |
| 1.6 وێنەی پیاو لە ئاینەکاندا: | 14-16 |
| 2 تەوەروی دووەم(چەمک و تێڕوانین بۆ شیعر بەگشتی) | 17-27 |
| 2.1 چەمکی شیعر: | 17 |
| 2.2 پێناسەی شیعر: | 17 |
| 2.3 چەمک و پێناسەی وێنەی شیعری: | 18 |
| 2.4 ڕەگەزەکانی وێنەی شیعری: | 19-21 |
| 2.5 جۆرەکانی وێنەی شیعری: | 22-27 |
| 2.5.1لەڕووی پێکهاتەی سروشتیەوە | 22 |
| 2.5.1.1 هەستی | - |
| 2.5.1.2 زەینی | - |
| 2.5.2 لەڕووی پێکهاتەی شێواز ناسی | 23 |
| 2.5.2.1 ڕمزی | - |
| 2.5.2.2 دەروونی | - |
| 2.5.2.3 فەلسەفی | - |
| 2.5.2.4 ئەفسانەیی | - |
| 2.5.3لەڕووی بزاوتن و جووڵەوە | 25 |

| | |
|---|---|
| – | 2.5.3.1 وەستاو |
| – | 2.5.3.2جوولاو |
| 26 | 2.5.4 لەڕووی پێکهاتەو بنیاتەوە |
| – | 2.5.4.1 وێنەی تاک |
| – | 2.5.4.2 وێنەی لێکدراو |
| – | 2.5.4.3 وێنەی گشتی |
| | **بەشی دووەم** |
| 28-36 | 1 وێنەی پیاو لە شیعرە کانی کەژاڵ ئەحمد |
| 28 | 1.1 وێنەی کوڕ |
| 30 | 1.2 وێنەی باوک |
| 31 | 1.3 وێنەی برا |
| 32 | 1.4 وێنەی مێرد |
| 33 | 1.5 وێنەی پیاوی دیکتاتۆر |
| 34 | 1.6وێنەی پەیامبەرو پیاوانی ئاینی |
| 37 | ئەنجام |
| 38 | سەرچاوە |

## سوپاس و پێزانین:

- سوپاس و پێزانین بۆسەرۆکایەتی زانکۆی سەلاحەدین و کۆلێژی پەروەردە /بەشی کوردی.
- سوپاس وپێزانین بۆ دایک و باوک و خوشک و براکانم کە هەمیشە یارمەتی دەرو پشت و پە نای من بوونە لەکارەکانمدا.
- سوپاس وپێزانین بۆ سەرپەرشتیاری بەڕێز(د.ئاسۆ عبدالرحمان بابان) کە ئەرکی سەرپە رشتیکرنی تویژینەوەکەمی گرتە ئەستۆ کە بەتێبینی و سەرنجەکانی ڕێ نیشاندەربوو.
- سوپاس وپێزانین بۆ هەموو ئەوماموستا بەڕێزانەی کە لە قۆناغەکانی خوێندنم فێریانکردووم.
- سوپاس وپێزانین بۆ(د.هیمداد حسین) کە هاوکاربوولەپێدانی سەرچاوە.
- سوپاس و پێزانین بۆ ئەو هاوڕێیانەی لە پێدانی هەر زانیاریەک هاوکارو یارمەتی دەرم بوون.

## پشتگیری و ڕەزامەندی سەرپەرشتیار و سەرۆک بەش

ئەم توێژینەوەیە بەناونیشانی (وێنەی پیاو لە شیعرەکانی کەژاڵ ئەحمەدا)، لەلایەن خوێندکار (ئومەیمە شەریف مەحەمەد ئەمین)، بەسەر پەرشتی من لە زانکۆی سەلاحەدین ئامادەکراوە و بەشێکە لە پێداویستیەکانی بەدەستهێنانی بڕوانامەی بەکالۆریۆس لەبەشی زمانی کوردی.

ناو: پ.ی.د.ئاسۆ عبدالرحمن بابان          واژوو: 


سەرپەرشت

بەروار   /  / ٢٠٢٤

پشتگیری دەکەم کە هەموو پێداویستیەکان جێ بەجێ کراوە هەروەها بە ئاماژە بە پشتگیری و ڕەزامەندی سەرپەرشتیار، من ئەونامەیە دەنێرم بۆ بەشی لێژنەی هەڵسەنگاندن.

ناو:  نەوزاد وقاس          واژوو:

سەرۆک بەشی کوردی

بەروار   /  / ٢٠٢٤

**پشتگیری و ڕەزامەندی ئەندامی لیژنە**

ئێمە ئەندامی لیژنەی هەڵسەنگاند، ئەم توێژینەوە زانستیەمان خوێندەوە و لەگەڵ خوێندکارەکەدا گفتوگۆمان لەبارەی ناوەڕۆک و لایەنەکانی دیکە کرد و بڕیارماندا، کە شایەنی ئەوەیە بەپلەی (        ) بڕوانامەی بەکالۆریۆس (دەرچوون)،لەبەشی زمانی کوردیدا پێبدرێت.

ناو:

سەرۆکی لیژنە

بەروار   /  / ٢٠٢٤

واژوو:

ناو:

ئەندام

بەروار   /  / ٢٠٢٤

واژوو:

ناو:

ئەندام

بەروار   /  / ٢٠٢٤

واژوو:

ناو:

ئەندام و سەر پەرشت

بەروار   /  / ٢٠٢٤

واژوو:

لەلایەن ئەنجومەنی کۆلیژی پەروەردە پەسندکرا.

ناو:

ڕاگری کۆلیژی پەروەردە

بەروار   /   / ٢٠٢٤

واژوو:

- **پێشکەشە بە:**

- پێشکەشە بە دایکی ئازیزو خۆشەویستم.
- پێشکەشە بە باوکی ماندوو نەناسم.
- پێشکەشە بە خوشک و براکانم.
- پێشکەشە بە هەموو مامۆستاو دکتۆرە ماندوونەناسەکانی تەواوی قۆناغەکانی خوێندنم.
- پێشکەشە بە هاوڕێیانم و هاوڕێگایانی خۆم.
- پێشکەشـــە بەهەمـــوو ئەو قوتابیـــانەی کە لەقۆنـــاغ و ســـاڵانی دوای خـــۆم کە پێویســـتیان بەهەر زانیاریەک دەبی لە ناو توێژنەوەکەم کە ببتە یارمەتی دەربۆیان.
- پێشـــکە شـــە بەهەمـــوو ئەو هـــاوڕێی وخوێنـــدکارو مامۆســـتایانەی کەلەتەواوی نوســـینی تـــوێژینەوەکەم مانـــدوو بـــوون لەگەڵـــم وهاوکـــارم بـــوون بە پێـــدانی ســـەرچاوەو زانیـــاری سود بەخش.
- پێشکەشــە بە کتێـب خـانەی زانکـۆکەم کە خـانەو مـاڵێکی پـڕ لەســەرچاوەو زانیـاری بـوو بـۆ توێژینەوەکەم.

# پێشەکی

وامـان بەبـاش زانـی کە بـۆ هەڵبژاردنـی نـاو نیشـانی باسـەکەمان ناونیشـانی  وێـنەی پیـاو لەشـیعرەکانی کەژاڵ ئەحـمەد دا بـاس بکەیـن ، کە باسـەکە باسـەکی وەسـفی و شـیکارییە و پێـک هـاتووە لە پێشـەکیەک لەگەڵ دووبەش، لەبەشـی یەکەمـدا باسـمان لەوێـنەی پیـاو کـردووە لەهەرسـێ ڕەهەنـدی ئـاینی وتیشـکمان خسـتۆتە سـەر پێناسـەکانی کـۆمەڵ و ڕەگەز، لەبەشـی دووەمیشـدا کە ئەوبەشـەیان دیـوە پـڕاکتیکیەکەی ئەوباسـە دەگـرێتە خـۆی بـریتیە لە شـیکردنەوەو نیشـاندانی ئەوجۆرەوێنـانەی کە کەژاڵ ئەحـمەد پیـاو یـاخود (نێـر بەگشـتی) کێشـاویەتی ، لە کۆتایشـدا ئەنجـامی باسـەکەی بەوردی خسـتۆتە ڕوو، و ئامـانجی ئەو باسـە لەوەدا خـۆی دەنوێنێـت ،کە بۆیەکەمجـارە لە سـەر ئاسـتی زانکـۆیی باسـێکی لەو جـۆرە دەنوسـرێت لەبـارەی تێڕوانینـی شـاعیرێکی ژن بەرامـبەر بەپیـاو و دەرکەوتەکـانی ئەم تێـڕوانینەش بەهـۆی پڕاکتیـزە کـارییەوە لەچەنـد جـۆرە وێـنەیەک بەرجەسـتەکراون کە دیـد وئایدیای شاعیر بەرامبەر ڕەگەزی بەرامبەر نیشان دەدات.

## بەشی یەکەم

### 1 تەوەرەی یەکەم(چەمک و پێناسەی کۆمەڵ و جێندەر(ڕەگەز)

### 1.1 چەمکی کۆمەڵ:

هەندێک جار وشەی کۆمەڵ بە ژمارەیەک تاک دەگوترێت کە بەیەکەوە لە ناوچەیەکی جوگرافی وەکو ئەکسیمۆ پێکەوە دەژین،یان هەموویان لەسیفاتێکی بابەتیانەی دیاریکراوی وەکوو ڕەنگ هاوبەشن لەگەڵ ئەوەشدا ئەم دابەشکردنە بۆتاکەکان لەبنەڕەتدا پشت بەمەدای کارلێکی کۆمەڵایەتی نێوان تاکەکان نابەستێ،بەڵکو پشت بەلایەنی یان بارودۆخی مادی دەبەستێت بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هێشتا ئەم نموونانە دەتوانن بە ڕێژەیەکی زۆر کاریگەر بن ، بۆپێک هێنانی لایەنی دەروونی دروستکردنی کۆمەڵەکان ، کەدواجار هەموویان هەست بە بوونی ئینتیما دەکەن.هەروەها لەسەر مەدای هێزی ئەم ئینتیمایە ئاڕاستە و ڕەفتار و جووڵەی تاک بەرامبەر کۆمەڵەکەی ڕەنگدانەوەی دەبێت ، دوایش جۆری کارلێکی نێوان تاک و تاکێکی دیکەی کۆمەڵەکە بەدیار دەکەوێت بۆنموونە : یەکێتی ژینگەی جوگرافی دەبێتە هۆی دروستبوونی پەیوەندیەکی بەهێزی نێوان تاکەکان ، بۆیە کاتێک هەمووان هاوبەشن لەبەرژەوەندی و ئارەزوو و هیوای داهات؟ ، ئەوا پێویست دەکات ، ئەم پەیوەندییە بە ئەنجام بگات ، بگرە کاتێکیش هەندێک دژە بەرژەوەندی هەیە ، تاکەکان بەسەر کۆمەڵ و گروپی بچوک بچوک دابەشدەبن ، کەدواتر بەهۆیەوە ململانێ لەنێوانیان ڕوودەدات ، بەڵام دیسان هاوکات پەیوەندیەکی بەهێزو بەتین لە نێوان تاکەکانی هەر یەک لەو کۆمەڵەو گرووپە بچووکانە دروست دەبێت بەهۆی دروست بوونی مەترسی کۆمەڵ و گرووپێکی دیکە بۆسەر ئەویدیکەیان. (سدیق،٢٠١٥، ل ٢٢٢-٢٢٣).

## 1.2 پێناسەکانی کۆمەڵ:

کــــۆمەڵ لەڕوویەکەوە واتـــای پەیوەنـــدیە جیاوازەکـــان لەنێـــوان تاکەکانـــدا دەگەیەنێـــت، لەلایەکـــی دیـــکەوە واتـــای ڕێکخراوەکـــان لەئاســـتە جیاوازەکـــانی ڕووی ئـــاڵۆزیەوە دەگەیەنێـــت، لێرەدا سێ جۆر ئەوپەیوەندیانە هەن کەبەڵگەن لەسەر وشەی کۆمەڵ:

1.2.1 **جاری واهەیە کۆمەڵ ناسراوە بەوەی کەژمارەیەکە لەو یەکانەی هاوبەشن لەسیفاتە دیاریکراوەکاندا و گونجاون لەهەندێک لایەنەوە.** ئەو کۆمەڵەی کە ئەم چەمکەی بەسەردا جێبەجێدەبێت:بریتیە لەژمارەیەک لەو تاکانەی کە خۆیان بە ئەوەدەکەن کەئەمانە هاوبەشن لە تایبەتمەندییە دیاریکراوەکاندا ، وەکو دەسکەوت، یان جلوبەرگ، یان باری مەدەنیی....هتد.

1.2.2 **جیاکردنەوەی کۆمەڵ بەپێی پێناسەی دووەم ، بەبوونی کارلەیەککردن لەنێوان ئەندامەکانیدا دەناسرێتەوە،** هەروەک دەردەکەوێت کەپەیوەندی نێوان هەردوو ئەندامێک ، کاریتێدەکرێت بەپەیوەندیەکانی نێوان تاکەکانی دیکە ، بەمەش واتای وایە کۆمەڵە تاکێک کۆمەڵەکەیان لێ پێکدێت، ئەگەر کارلەیەککردن لەنێوان تاکەکاندا ڕوودات ئەمە کۆمەڵ لەڕێکخراو جیادەکاتەوە، (ژاڵەیی، ٢٠٠٤، لاپەڕە ٢٠٨-٢١١).

1.2.3 **کۆمەڵ:** بریتیە لەیەکەیەکی کۆمەڵایەتی ، لەچەندین کەس پێک دێیت و کارلێکردنێک و پەیوەندیەکی کۆمەڵایەتی ڕوون و ئاشکرا لەنێوانیاندا هەیە ، لەناویان ڕۆڵ و کارەکان دابەش دەکرێت و پێگە کۆمەڵایەتیەکان دەستنیشان دەکرێت، ئەم یەکەیەش پێوەر و بەهای تایبەتی خۆی هەیە ، لەڕێگەی ڕەفتارەکانیان دەستنیشان دەکرێت و هەوڵی بەدەست هێنانی دەدەن. (عزیز، ٢٠١٤،لاپەڕە ١٨٦).

1.2.4 **کۆمەڵ:** هەر دوو کەسیک یاخوود زیاتر لە گەل یەکتردا پێوەندی ئەکەن لەگەل یەکتر کاریگەری ئەبن بۆ ماوەیەک زیاتر لە کاتێکی کەم دا بەرەو پێش چونیان بەهێز ئەبێت بۆ پێشکەوتنیان بۆ نمونە ئەوانەی لە ناو فرۆکە بە کۆمەل ناژمێردرێت چونکە هەر بە دابەزینیان لە شۆینی مەبەستیان ئەو کاریگەریە گەڕیانە نامێنن. (کەرکوکی, ٢٠١٨).

### 1.3 تایبەت مەندیەکانی کۆمەڵ

1.3.1 بوونی دووکەس  یان زیاتر.

1.3.2 بوونی  بەهاو حەزو ئارەزووی هاوبەش.

1.3.3 بوونی شێوازێکی هەڵچوونی دیار و ڕێک لە نێوانیان ، ئامانجی تایبەت هەیە.

1.3.4 بوونی بنیادێک بۆ کۆمەڵ لەسەر بنەمای  ڕۆڵی تاکەکان لەناو ئەو کۆمەڵە .

1.3.5 ڕێک خستنی بەهاو پێوەرەکان بۆئەوەی پەیوەندیە کان ڕێک بخرێت .

1.3.6 بوونی ئامانجێکی تایبەت یان چەند ئامانجێکی هاوبەش بۆئەوەی هەوڵی بەدەست هێنانی بدەن.

1.3.7 بوونی شێوازێکی ڕوون و ئاشکرا بۆ پەیوەندی لەنێوان ئەندامەکان و بوونی زمانێکی تایبەت .
(عزیز، ٢٠١٤، ل١٨٦).

## 1.4 **جێندەر** (**ڕەگەز**):

بە شـێوەیەکی زۆر فـراوان، «ڕەگەز» ئامـاژەیە بـۆ جیـاوازییە بـایۆلۆژی و فیزیۆلۆژییەکـانی نێـوان ڕەگەزی نێـر و مـێ. زاراوەی ڕەگەز بـریتییە لە جیـاوازییەکی جەسـتەیی لەنێـوان نێـری بـایۆلۆژی و مێـی بایۆلۆژیـدا. بە شـێوەیە کاتێـک کـۆرپەیەک لەدایـک دەبێـت، کـۆرپەکە بەپێـی ڕەگەز بە «کـوڕ» یـان «کـچ» نـاوزەد دەکرێـت. جیـاوازی کۆئەنـدامی سێکسـی نێـوان نێـر و مـێ بنەمـای ئەو جـۆرە تایبەتمەنـدییەن. جیـاوازی بـایۆلۆژی لەنێـوان ڕەگەزەکانـدا هەیە و زۆربەی مرۆڤەکـان (جـگە لە چەنـد حـاڵەتێکی کەم) ئەوانـی تـر وەک یەک ڕەگەز لەدایـک دەبـن، بەڵام دواتـر بەپێـی چـاوەڕوانی و ڕۆڵـی تـایبەت بە جێنـدەر کـۆمەڵایەتی دەکـرێن. نێـرە بایۆلۆژییەکـان فێـر دەبـن ڕۆڵـی پیـاوانە بگـرنە ئەسـتۆ. ئەوان کـۆمەڵایەتی دەکـرێن بـۆ ئەوەی بە شـێوازی پیـاوانە بیـر بـکەنەوە و مـامەڵە بـکەن. مێیینـە بایۆلۆژییەکـان فێـر دەبـن ڕۆڵـی ژنـانە بگـرنە ئەسـتۆ. ئەوان بەکـۆمەڵایەتی کـراون بـۆ ئەوەی بە شـێوازی ژنـانە بیـر بـکەنەوە و ڕەفتـار بکەن. (زانۆ، ٢٠٢٣).

## 1.5 **پێناسەی جێندەر (ڕەگەز)**:

1.5.1 **جێندەر (ڕەگەز) لەزانستی زماندا** :بریتیە لەجیاوازی نێوان نێرو مێ لەزمانی نوسین و ڕێزمان بەتایبەتی لەڕستە سازی دا. هەروەها دەکرێت جێندەر بەو جیاوازیانە لێک بدرێتەو کە لەنێوان نێرو مێ بەکار دەهێنرێت وەک ئەوەی لەڕووی کەلتورییەوە پێناسە دەکرێت.جێندەر بووارە تایبەت مەندییەکانە بە کار دێت بۆ ناسینەوەی هۆکاری جیاوازی نێوان نێر و مێ بەتایبەتی لەمەسەلەکانی پەیوەست بەژنان و پیاوان ، هەروەها سروشتی جیاوازیەکانی نێوان نێرینە و مێینە . بەو پێیە خەسڵەتی جیاکردنەوەکان گۆڕانیان بەسەردا دێت لەڕەگەزەوە بۆڕۆڵی کۆمەڵایەتی و لەوێشەوە بۆ شوناسی جێندەری. (موحەمەد، ۲۰۲۰,لاپەڕە، ۱).

1.5.2 **جێندەر(ڕەگەز)** : بریتییە لە مەودای تایبەتمەندییەکانی پەیوەست بە مێینەیی و پیاوسالاری وجیاوازیکردن لە نێوانیانا. زۆربەی کولتوورەکان "دووانەی ڕەگەزی" بەکارئەهێنن، کە تێیا ڕەگەز دابەش ئەکرێت بەسەردوو پۆلا، مرۆڤەکان بە(کوڕ/پیاو و کچ/ژن) دائەنرێت، ئەوانەی لەدەرەوەی ئەمانەن لەوانەیە بکەونە ژێر زاراوەی "چەتری نا-دووانەیی". زۆربەی زانایان هاوڕان لەسەر ئەوەی کە ڕەگەز تایبەتمەندییەکی ناوەندییە بۆ ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی. (بەکر،۲۰۲۲،لاپەڕە. ۱).

## 1.6 وێنەی پیاو لە ئاینەکاندا:

لێرە دا مەبەستمان لەهەرسێ ئایینە ئاسمانیەکەیە، کەهەر یەکێکیان جۆرە وێنەیەکیان بۆ پیاو کێشاوە،لەئاینی یەهودیدا لەتەورات و تەلموددا ئەو جۆرە وێنەیە دەبینین بەڵام لەتەلموددا زیاتر دەرخراوە.

لەتەلموددا دووجۆرە وێنەی پیاو دەبینرێت ، (ئەرێنی و نەرێنی )، لەم نێوەندەشدا دووفاقیەکی تەواو لەڕاسپاردەکانی تەلموددا سەبارەت بەپیاو بەرچاو دەکەوێت ،، هەروەها یاساکان لەخودی خۆیاندا هەڵگری توندوتیژیەکی دیارن لەڕووی پابەندبوون جێبەجێ نەکردن لەلایەن پیاوانەوە.((تەلموود سوپاسی خوای لەسەر پیاوان واجب کردووە، کە بەمێینە دروستی نەکردوون ، سوپاسکردنەکەش ئەو وتەیە، کەهەموو بەیانیان پیاوان دەڵێن :ستایش و سوپاس بۆتۆ خوای من خاوەنی هەموو بوونەوەر ، ئەی ئەوکەسەی ، کەمنت بەژن نەخولقاندووە))(بارندەر،2011 :291)وێنەیەکی لەم جۆرە هەستی ڕەگەز پەرستی و خۆبەگەورەزانی پیاوی یەهودی بەرامبەر ڕەگەزەکەی دیکە دەردەخات ، وێنەی زاڵبوونی ئاشکرای ڕەگەزێکە بەسەر ئەویتردا، جگە لەمەش ، تەلمود لەیاساکانیدا ڕێگە بەپیاو دەدات چەند ژنێک بهێنێت ، لەکاتێکدا ژن دەبێت تەنها یەک مێردی هەبێت(سالتز،78:1382)، فرەژنی بۆ پیاو شتێکی ڕێگە پێدراوەو دەسەڵاتی ئەوەی بەسەر ژندا دەشکێت ((هەرکاتێک بیەوێت ژنی دیکە بهێنێ بەومەرجەی لەچوار تێ نەپەڕێت ))(بارندەر،298:2011)،بەمەش پیاو سەرپشک دەبێت لەدەسەڵات بە کار هێنان بەتەواوەتی بەسەر لایەنەکەی دیکەدا ، واتا جگە لەمافەکانی خۆی دەتوانێ دەست بخاتە نێو مافەکانی ژنانیشەوە.

لەمەسیحیەتدا جۆرە وێنەیەکی بالاو بەهێز بۆپیاو بەر چاو دەکەوێت ، چیرۆکی دروست بوون لەئینجیلدا لەسەر زاری عیساوە باسی لێوەدەکرێ، ((هەموو جەستەیەکی مرۆڤ لەجەستەی ئادەمە، پێویستە لەسەر هەموو کەسێک ئەو پەیمانە بپارێزێت کەئادەم سوێندی بۆخوارد ))(برنابا،23:1908)هەروەها لەشوێنێکی دیکەدا عیسا گفتوگۆ لەگەڵ خوداوەند دا دەکات ، کەلەسەر زاری خوداوەند دەگوترێت :((باش نیيە مرۆڤ بەتەنیا بێت، ئێسکێکی برد

لەپەراسـوی لای دڵ (چەپ)و شـوێنەکەی بەگۆشـت پڕکـردەوە ، لەم پەراسـوەدا حەوای دروسـتکردو کـردیە ژنـی ئـادەم ...))(برنابـا،1908:40-39)هەمـان چەشـنە دروسـت بـوون و پاشـکۆیەتی ژن لەئینجیلـدا دووبـارەکردنەوەیەکی دەقـاو دەقـی مێژوویـی تەوراتە، هەروەهـا هەڵەی خـواردنی بەروبـوومی درەخـتە قەدەغەکـراوەکەش هەم دیسـان بـۆحەوا دەگەڕێنێـتەوە ،((حەوا لەوکـاتەدا میـوەکەی هێنـا و لێـی خـوارد ، و هاوسـەرەکەی هەڵسـاندەوە ئاگـاداری کـردەوە بەوەی ، کە (شـەیتان)پێیگوتبوو ، میـوەکەی بـردە پێشـی و ئەویـش لێـی خـوارد ))(برنابـا،1908:41)وادەردەکەوێـت ، کە ئـادەم لەخەودا بـووە کاتێـک ژنەکەی تـاوانەکەی ئەنجـام داوە واتـا کەم و کـوڕیەکە دەگەڕێـتەوە بـۆ دروسـتکراوی دووەم،جـگە لەدەقـی ئینجیـل لەیەکێـک لەنامەکـانی (پـۆڵس)ی بانـگ خـوزدا دروسـت بـوونی ڕەگەزی مێیـنە لە نێـرینە ڕەنگـی داوەتەوە ، ((یەکەمـین پیـاو لەژن دروسـت نەبـووە ، بەڵکـو یەکەمـین ژن لەپیـاو دروسـت بـووە ، لەم نێوەنـدەدا یەکەمـین پیـاو (ئادەم)لەبەرخـاتری (حەوا)دروسـت نەکـرا ، بەڵکـو حەوا لەپێنـاوی ئـادەم دروسـتکرا))(انجیل ، 2009:1271)، ئەو هاوکێشـە مسـیحیە پیـاو شـیکار دەکـات بەژن ،بەڵام نەک شـیکردنەوە لەپێنـاوی یەکسـانکردن ، بەڵکـو بەئامـانجی لاسـەنگکردنی ئەنجـامەکەیە، واتـا ژن ئەودراوەیە ، کە پیـاو دەگەیەنێـتە لـوتکەی دانـای و چـاکە لەپێنـاوی خودی پیاوەکە خۆی ، نەوەک ڕەگەزی خۆی .

شـێوەیەکی دیـکەی وێـنەی باڵادەسـتی پیـاو لەقورئانـدا هەسـتی پێـدەکرێت ، بەتـایبەتیش بـریتیە لەگەورەکردنـی پیـاو لەهەمـوو ڕووە کـان بەسـەر ژنانـدا((الرِّجَـالُ قَوَّامُـونَ عَلَـى النِّسَـاء بِمَـا فَضَّـلَ اللهُ بَعْضَـهُمْ عَلَـى بَعْـضٍ وَبِمَـا أَنفَقُـواْ مِـنْ أَمْـوَالِهِمْ فَالصَّـالِحَاتُ قَانِتَـاتٌ حَافِظَـاتٌ لِّلْغَيْـبِ بِمَـا حَفِـظَ اللهُ وَاللاَّتِـي تَخَـافُونَ نُشُـوزَهُنَّ فَعِظُـوهُنَّ وَاهْجُـرُوهُنَّ فِـي الْمَضَـاجِعِ وَاضْـرِبُوهُنَّ فَـإِنْ أَطَعْـنَكُمْ فَـلاَ تَبْغُـواْ عَلَـيْهِنَّ سَـبِيلًا إِنَّ اللهَ كَـانَ عَلِيًّـا كَبِيـرًا))(سـورة النسـاء:34) واتە: پیـاوان کـار بەدەسـتن و بـاڵاترن بەسـەر ژنـانەوە بەهـۆی ئەوەی ، کەلەمـاڵ و سـامانی خۆیـان خەرج دەکەن ، جـاژنی بـاش ئەوەیە، کەگـوێڕایەڵی مێـردەکەی بێـت و داوێـن و سـامانی بپارێزێـت ، ئەگەر ترسـان لەوەی ژنـانن سـەرپێچی فرمانەکانتـان بـن ، ئەوا ئامۆژگاریـان بـکەن و جـێگەی خەویـان لەگەڵ جیـا بـکەنەوە ، یـان لێیـان بـدەن ) لەش عەیـب دار نەکـات) جـاگەر گوێڕایەڵیـان کـرد ڕێـگەی دیـکە مەگـرنە بەر

بەڕاستی خوا هەمیشە بەرز و توانایە (مارونسی،35:1998)، دەبینین سیستەمی هێز ئەرک دیاری دەکات و لێدانیش دەبیتە مادەیەکی یاساکە ، بەو واتایەی لە پەروەردەکاری ئیسلامیدا لێدان دەبێتە هۆکارێکی پەروەردەکردنی ژنان لەلایەن پیاوانەوە ، لەدووای سەرنەگرتنی ئامۆژگارییەکان ، هەمان بانگەشەی یەکسانییش لەقورئاندا بەسەر ئەوڕێسایەدا جێبەجێ نابێت ، چونکە ئەگەر پیاو هەرچەندیش خراپ و گەندەڵ بێ ژن ناتوانێت لێی بدات ، جگە لەوەی ئیسلام وەک دوو ئایەنە کەی تر نەیتوانیوە ڕێگری لەفرە ژنی و بنەبڕکردنی نایەکسانی بگرێت ، بەڵکو بەمەرجی ماڵ وتوانای جەستەی ڕێگەی بەفرە ژنی داوە تا چوار ژن بۆهەر یەک لەپیاوێک بێ جیاوازی ئەرکی ئاینی و کۆمەڵایەتی ، هەروەکو لەئایەتی (2)ی سورەتی (النساء)دا باسی لێوەکراوە جگە لەڕەواکردنی ئافرەتی لەجەنگ بەدەست کەوتوو (الممتنحه:1). (حوسێن & حسین، 2020،ل١٨١-١٨٦).

## 2 تەوەروی دووەم(چەمک و تێڕوانین بۆ شیعر بەگشتی)

### 2.1چەمکی شیعر:

شــیعریاخود هــؤنراوه دونیاییــه کــی تــه واوجیــاواز و چیــز بــه خشــه کــارده کاتــه ســەر هــزرو هەســت و ســۆزی مــرۆف، لــه زمــانی کوردیــدا کۆمــه لیــک نــاوی تــر بــۆ شــیعر بــه کــار هاتوون له وانه { هۆزان – هه ڵبەست. هۆنراوە ....} (صالح، ٢٠٢٢-٢٠٢٣,ل ٣).

شــیعر به یەکێــک لە فۆرمەکــانی هــونەری ئەدەبــی لە زمانــدا دادەنرێــت، بەو پێــیەی لە جیــاتی یــان جــگە لە مانــای بــابەتەکە ســیفەتە جوانیناســییەکان بەکاردەهێنێــت، نووســینی شــیعر ڕەنــگە لە شـــێوەی شـــیعری تەواو و جیـــاواز یـــان ســـەربەخۆ بێـــت ، یـــان لەوانەیە شانبەشـــانی هونەرەکــانی تــر کــۆببنەوە، وەک ئەوەی لە درامــادا ڕوودەدات.شــیعر، دەقــی شــیعری، ســروود، یــان شــیعر، بەزۆری نۆســراو ، شــاعیر کۆمەڵێــک هەســت یــان هەســت لە شــیعرەکانیدا پێشــنیار دەکات کە خوێنەر هەستی پێدەکات. (الحلايقة، ٢٠١٦).

### 2.2پێناسەی شیعر:

شــیعر کومــه لیــک پیناســه ی جیــاوازی بــو کــراوه و بــه شــیوه ی جیــاواز بــاس کــراوه ،هەروەک ریشــارد هینــری دەڵێــت ( شــیعر هونــه ریکــه مەبەســتی ئەنجــام دانــی گەورەتــرین چیــژ بەخشینە بەگوێگر.

شــارک بــاتو ســه بــاره ت بــه شــیعر بــه جیــاوازتر ده دوێــت دەڵێــت ( شــیعر لاســایی کــردنەوەی سروشــتی جوانــه). واتــه بــه لاســایی کــردنەوەی دیمەنــه جوانــه کانــه لــه لای شــاعیران شــیعر دروســـت دەبێت.هەرســـەبارەت بەپێناســـەی شـــیعر لای ڕۆمانســـییەکان جیـــاواز بـــووە و وردزس لەبــارەی شــیعرە وە دەڵێت(شــیعر هەڵچــونێکی خــۆیی ســۆزە بــە هێــزە کانــە ). (صــالح، ٢٠٢٢-٢٠٢٣,لاپەڕە ٣٠) .

## 2.3چەمک وپێناسەی وێنەی شیعری:

وێـــنەی شـــیعری یەکـــێکە لەدیـــارترین باســـە ڕەخنەییەکـــان لەڕەخـــنەی ئەدەبیـــدا،(وێنە لەڕەخـــنەی ئەوروپیـــدا(image)ی پێـــدەوترێت کەوشـــەیەکی ئینگلیـــزی یەو وشـــەی وێـــنە لەئینگلیزیـــــدا ئامـــــاژە بـــــۆ ئەو ڕەگەزە هاوبەشـــــە دەکـــــات کەلەگەڵ وشـــــەی خەیاڵـدا(imagination)هەیەتـی کە بـۆتە هـۆی هاوبەشـییان لەیەک بـواری مەعریفـی دا، ئەو پەیوەنـدیە بەتیـنەی کە لەنێـوان خەیـاڵ و وێـنەدا هەیە بەو پێـیەی کەوێـنە گرینگتـرین بەرجەستەکانی خەیاڵە لەشعردا)، (گەردی، ٢٠٠٤، ل٢٥)

محمـد غنیمـی هـیلال دەڵێـت:(وێنە هۆکـارەکی هـونەرییە بـۆ گواسـتنەوەی ئەزموونەکـان)، چـونکە شـاعیر ئەزموونەکـانی ژیـانی خـۆی بەشـیعر دەردەبڕێـت ئەمەش وێـنەی جـوان دەنەخشـێنێت. (هیلال، ١٩٧٣،ل٤٤٣).

دڵشـاد عەلـی دەڵێـت:(وێنەی شـیعری زمـانی ئەندێشـەیە و هەمـوو ئەو دیـاردە هەسـتپێکراو و هەسـتە دەرونـی و بۆچـونە ئەندێشـەییە بەرجەسـتەکراوانە دەگـرێتەوە کە بەهـۆی زمـانەوە بـۆ خوێنەر و گوێگر ئەنجام دەدرێت)(علی، ١٩٩٨، ل٤٨)

جـالەبەر ئەوەی ئەندێشـە بـاڵا بەوێـنە دەکـات،کەواتە دەتـوانین بڵێـین ناڕاسـتەوخۆ بەبـڕوای (ئەفلاتـون) وێـنەی شـعری ڕەگەزێـکە بـۆ بـێ کەڵکردنـی شـیعرو هۆکـارێ بـووە بـۆ بڕیـاردانی لەسەر دەرکردنی شاعیران لەکۆمارە نمونەییەکەیدا. (کەریم, ٢٠٠٩ .,لاپەڕە ٢٠).

وێـنەی شـیعری پێکهـاتەیەکی گرینگـی بنیـاتی شـیعرییە و لەشـێوەی تـابلۆیەکی شـێوەکار دەچێـت، کەرەسـتەکانی وشـەی جـوان و خەیـاڵی دەرونـی شـاعیرن کە بەهـۆیەوە شـاعیر ئەزمـوونی خـۆی و تێڕوانینـی بـۆ دیاردەکـانی دەوروبەری دەخـاتە نـاو چـوار چێـوەی دەقە شـیعرییەکەی واتە وێـنەی شـیعری دەبێـتە هـۆی ئەوەی کە ئەودیمەنـانەی شـاعیر هەسـتی پێدەکات لەڕێگەیەوە بیگەیەنێتە خوێنەر. (بزێنی، ٢٠١١،ل٩٢).

## 2.4 ڕەگەزەکانی وێنەی شیعری:

### 2.4.1 زمان:

زمـــان یەکـــێکە لە ڕەگەز و پێکهاتەکـــانی وێـــنەی شـــیعری و کەرەســـتەیەکی کـــارا و ســـەرەکییە لە بنیاتنـــانی شـــیعردا ، وێـنەی شـیعری لە میـانەی زمـانەوە دروسـت دەبێـت ، هتـر ژانرێـک لە ژانرەکـانی ئەدەب خـاوەن زمـانێکی تـایبەت بەخـۆیەتی ، ئەو (زمـانە تـایبەتە) ش دەبێـتە سـیمایەکی زەقـی خاوەنـدارێتی بـۆ ئەو ژانـرە ئەدەبیـیە ، دواتـر دەتـوانرێ گەشـە بکـات و بەرەو پێشـەوە بچێـت و لە قـاوغی خۆیـدا دەربچێـت و ئەو بـازنەیە بشـکێنێت کە سـنووری بـۆ دانـراوە ، واتە شـاعیری داهێـنەر و لێهـاتوو و بەتوانـا دەتوانێـت پەل و پـۆی ئەو بیـر و هـزرە داهێـنەرەی کە لە مێشـک و دڵ و دەروونیـدا پەنگـی خـواردووە و بە قەتیسـی مـاوەتەوە ، ئەوا بە زمـانێکی ئەدەبـی بەرز وەکـو گرکـانێکی بە تـین ئەو شـتە نهێنییـانەی ژوورەوەی نـاخی بە بەهرەیەکـی داهێـنەرانە دەرببڕێـت و وێنـای بکـات. کەواتە دەتـوانین بڵێـین بەهـۆی ڕەگەزی زمـانەوە شـتە شـاراوە و پەنگخواردووەکـانی شـاعیران هەسـت پێـبکەین و لێرەشـدا زمـان دەبێـتە ئـاوێنە و هەسـت و نەسـت و هەمـوو چەمـکە فیکـری و مەعریفیەکـانی نـاخی شـاعیری تیادا ڕەنگدەداتەوە، (عەبدوللا، ٢٠١٠، ل٦٧).

### 2.4.2 سۆز:

سـۆز ڕەگەزێکـی کـارا و پێویسـتە لە شـیعردا ، وێـنە بە بـێ سـۆز وەکـو درەختێکـی بـێ بەرهەم وایە ، سـۆز وەکـو سـەرچاوەی ئـاوی کـانی وایە کە هەردەم شـاعیران لەوێـوە قـوڕگی وشـکی شـیعرەکانیان پێـی تەڕ دەکەن و بەرهەمـی درەخـتە وشـکەکەنیان پێـی ئـاو دەدەن . هەروەک (( ئەنـدیە برۆتـۆن دەڵـێ : گرنگـی لە؟وێـنەدا دەرنـاکەوێ ، بەڵکـو لەو سـۆزە ئـاگرینەیە ، کە وێـنە بەرپـای دەکـات ، ئەگەر سـۆز و هەسـتەکەش لە هێـزەوە بـێ ، ئەوا وێنەیەکـی مەزنـی لێـدەکەوێتەوە )) ، سـۆز لە دنیـا و سروشـتی هەسـت دا زەریـایەکی هـێمن و ئـارام و لەسەرخۆیە.(محمد، ٢٠١٤، ل٤٥).

### 2.4.3 بیر:

بــریتییە لەو واتــایەی کە دەق دەگــرێتەوە خــۆی جــا ئەو دەقە شــیعربێ یــا پەخشـــان ، دیـــارە واتــاش گرنگییەکــی گەورەی هەیە لەنــاو دەقــدا هەرچەنــدە واتــا بە هێزبــێ دەقەکە بەرزتــر دەبــێ بە پێچەوانەشـــەوە هەرچەنـــد واتـــاکە لاواز بێـــت ئاســـتی دەقەکەش لە گەڵیـــا نـــزم دەبێـــتەوە. وێـــنەی هـــونەریش لە پێکهاتنیـــدا بیـــر وەک ڕەگەزێـــک وەردەگـــرێ و لەگەڵ ڕەگەزەکـــانی تـــردا یەک دەگــرن و وێــنە دێــتە کــایەوە ((وێــنە تەنیــا بەرجەســتە کردنێکــی وشــەیی بیــرو ســۆزەو شێوەکەشـــی ڕووخســـارێکە بـــۆ پێکهـــاتەیەکی ژیـــری و ســـۆزی ) چـــونکە وێـــنەی هـــونەری ئەو وەسـیلەیەیە کە نووسـەر بیـرو سـۆزی خـۆی بـۆ خـوێنەرو گـوێگرانی دەگـوازێتەوە . (بلنسـکی ) دەڵێ ، هونەر بیرکردنەوەیە بە وێنە )).(گەردی، ٢٠٠٣،ل٣٩-٤٠).

### 2.4.4 واقیع:

واقیـــع یەکـــێکە لەو ڕەگەزانەی کە وێـــنەی شـــیعری لەســـەر بنیـــات دەنرێـــت ، شـــیعر لەگەڵ واقعیــدا پەیوەنــدییەکی تەواوی هەیە ، شـــاعیر وەکـــو تـــاکێکی نـــاو کـــۆمەڵ و ئەو واقـــیعەی ، کە تێیـــــدا دەژی کەســـــێکی هەســـــتیارە و واقیعـــــی کۆمەڵگامـــــان بە وێـــــنەی شـــــیعری جـــــوان و ســـەرنجڕاکێش بـــۆ دەکێشـــێت . شـــاعیر ناتوانێـــت لە واقیـــع جیـــا ببێـــتەوە و دەســـتبەرداری بێـــت ، وەلـــێ دەتوانێـــت بیگۆڕێـــت و لە شـــیعرەکانیدا وێـــنەی نـــاوەوەی خۆیمـــان بـــۆ بکێشـــێت دەربـــارەی ئەو شتانەی کە لە واقیعدا بینیویەتی یا ئاواتی بووە پێی بگات.(محمد،٢٠١٤، ل٤٧).

### 2.4.5 ئەندێشە:

ئەندێشـــە ڕەگەزێکـــی ســـەرەکی شـــیعرە، هەر شـــیعرێک ئەندێشـــەی تیـــا نەبێـــت لە قســـەی ڕۆژانە نزیـــک دەبێـــتەوەو لە شـــیعریش دووردەکەوێـــتەوە، چـــونکە ئەندێشـــە لە پێکهێنـــانی شـــیعردا ڕۆڵێکـــی ســـەرەکی دەبینێـــت. ((خەیـــاڵ لەگەوهەری ســـەرەکی و تـــوخمی نەگـــۆڕی شـــیعرە شـــتێکە کە لە وزەی خەیـــاڵ کـــردنەوە بەرهەم دێـــت)). شـــیللی گرنگییەکـــی زۆری بەخەیـــاڵ دەدات لە ئاســـتێکی بەرز دەیبینێـــت و خەیـــاڵی بەخـــودا لەقەڵەم دەدات کە پێغەمبەرەکەشـــی هەر خۆیەتی (عیسی، ٢٠٠٩،ل٥٢).

### 2.4.6 نەست(لا شعور):

پەیوەندیی نێوان ئەدەب و دەروونناسی شتێکی ئاشکراو بەڵگە نەویستە. زانستی شیکاریی دەروونی بە دوای ئەوەدا وێڵە ئایا دەروون کاریگەری لەسەر ئەدەب هەیە یا بە پێچەوانەوە یاخود کاریگەرییەکە دوو لایەنییە دیارە دەروون ئەدەب دروست دەکات ئەدەبیش دەروون دروست دەکات. ئەدەب بە دوای ڕاستییەکانی ژیاندا دەگەڕێ تاکو دڵ و دەروون ڕۆشن کاتەوە. دەروونیش بوارەکانی ژیان کۆدەکاتەوە تاکو ئەدەب بێنێتە ئاراوە. لە سایکۆلۆژیادا عەقڵ بەگوێرەی ئەو ڕەفتارانەی مرۆڤ ئەنجامیان دەدات بۆسێ بەش دابەش دەبێت.(عەقڵی واعی، عەقڵی باطن ، عەقڵی لاواعی (گەردی، ٢٠٠٣،ل٤٣).

## 2.5 جۆرەکانی وێنەی شیعری

### 2.5.1 لەڕووی پێکهاتەی سرووشتیەوە( هەستی و ژیری)

#### 2.5.1.1 وێنەی هەستی:

بـریتییە لەو وێـنەیەی ،کە بەر یەکێـک یـا زیـاتر لە پێـنج هەسـتەکانی مـرۆڤ دەکەوێـت یـا درکـی پێـدەکرێت ،کەواتە وێـنەی شـیعری بەهـۆی (هەسـتەکانەوە لە ڕێـگەی بینـین ، بیسـتن ، بـــۆنکردن ، چەشـــتن ، بەرکەوتـــنەوە بەدی دەهێنرێـــت ) شـــاعیر کە دیـــاردەیەک لە دەوروبەرەکەیـدا دەبینـێ وکـاری تێـدەکات کـاریگەریی دەبـێ بەسـەرییەوە ، ئەوا لە ڕێـگەی هەسـتەکانییەوە ئەو دیـاردە ومەسـەلەیە دەوروژێنـێ و لە ئەنجامیشـدا جۆرێـک لە وێـنەی هەسـتی دروسـت دەبێـت و شـاعیر بە شـێوەیەکی هـونەری دەیخـاتەڕوو ، هەربۆیەشـە شـاعیران پەنـا بـۆ ئەو جـۆرە وێـنەیە دەبەن ، کە لە هەسـتەکانەوە دروسـت دەبـن جـا چ وێـنەی مـاددی بێـت وەک هەسـتی بینـین و بەرکەوتـن یـا مەعـنەوی بێـت وەک هەر یەک لە هەسـتەکانی بیستن و بۆنکردن و.(حمە،٢٠٠١، ل١٢٥).

#### 2.5.1.2 وێنەی زەینی(مەعنەوی):

ئەم وێـنە شـیعریانە دەگـرێتەوە کە بەر هـیچ یەکێـک لە هەسـتەکانی مـرۆڤ نـاکەون، بەڵکـو وێنەکـان واتـایین و تەنهـا بە خەیـاڵ و هـزر هەسـتیان پێـدەکرێت (ئەگەر وێـنەی هەسـتی بەر یەکێـک لەهەسـتەکان بکەوێـت ئەوا وێـنەی زەینـی بەر هـیچ کـام لەم هەسـتانە ناکەوێـت و وێنەیەکـی واتـاییە و لە نـاوەوە هەڵـدەقوڵێ بەهـۆی هۆشـیاری وە دەزانـدرێت).(مسـتەفا،٢٠٠٧، ل١٠٩).

(زاراوەی وێـنەی زەینـی بـۆ دوو مانـا دەچێـت : یەکیـان ، ئەوەیە کە وێـنەی هـونەری گشـتی سـیفەتێکی زەینـی هەیە ، مـادام شـاعیر ئەو مانـایەی دەیەوێ بیهـۆنێتەوە لە زەینـی خۆیـدا کـۆی دەکـاتەوە ، مانـاکەی تـری ، دەربڕینـی وێـنە هـونەرییە کە مەزنـدەکردنی مانـا زەینیـیە واتاییەکـانە کە لە جیهـانی هەسـتدا بەرامبەریـان نـیە ، دیـارە مەبەسـت لە وێـنەی زەینـیش مانـای دووەمە ).(گەردی،٢٠٠٣، ل٢١٠).

## 2.5.2 لەڕووی پێکهاتەی شێواز ناسیەوە:

### 2.5.2.1 ڕەمزی:

زۆر لەکـــۆنەوە ڕەمـــز لەبەرهەمە ئەدەبیەکـــان بەکـــار هـــاتووە، بەتـــایبەتیش شـــاعیران لەداهێنـــانی کـــاری ئەدەبیـــدا پشـــتیان پـــێ بەســـتووە و بـــۆتە دیـــاردەیەکی بەر چـــاو لەئەدەبـــدا، (د.احســـان عبـــاس )دەڵێـــت :(ڕەمـــز واتـــایەکە لەپشـــت مانـــای ئاشـــکرادایە لەگەڵ دانـــانی مانـــای ئاشـــکراش بەمەبەســـت ).شـــاعیر لە بـــۆ بکارهێنـــانی ڕەمـــز پەنـــای بـــردۆتە بەر گەلـــێ کەرەســـەی خۆمـــاڵی و کـــوردەواری، ئەوەی لەداســـتان و ئەفســـانە و چیرۆکـــی گـــوێ ی ئاگردانـــدا دەیگێـــڕنەوە، یـــان ئەوانەی لەپەنـــدی کـــوردی دا هـــاتوون ، زۆر جـــار گیانـــدار یـــان ئـــاژەڵێکی تـــایبەتی دەبێـــتە نمـــوونە بـــۆ ڕەوشـــت و هەڵـــس و کەوتێکـــی تـــایبەتی ئـــادەمیزاد. (بزێنـــی، ٢٠١١، ل١٠٣).

### 2.5.2.2 دەروونی:

درکرکـــردن بە پەیوەنـــدی بەتینـــی نێـــوان شـــیعرو دەرونناســـی مێژوویەکـــی دێرینـــی هەیە و ســـەرەتاکەی بـــۆ ئەوتێـــڕوانینەی فەیلەســـوفە یۆنانیەکـــان دەگەڕێـــتەوە، کەلەبـــارەی شـــیعر و شـــاعیرەوە خســـتویانەتە ڕوو، بەتـــایبەتی بـــۆ چوونەکـــانی ئەفلاتـــون و ئەرســـتۆ لەبـــارەی کـــاریگەری شـــیعری تراجیـــدییەوە، هەردوو بـــوارەکە(لە شـــیعرو دەروونناســـی ) کـــار بـــۆ ئاشکراکردنی لایەنە مرۆڤایەتییەکانی ژیان و لێکدانەوەیان دەکەن. (کەریم، ٢٠٠٩،ل١٥٢-١٥٣).

### 2.5.2.3 فەلسەفی:

فەلســـەفە بـــوارێکی ســـەربەخۆیە و فەیلەســـوفەکان تێیـــدا تـــاوتوێی بیـــری جیـــاواز دەکەن، بەشـــێوەیەکی ورد و چـــڕ ، بیـــر لەتـــاقیگەی بیرکـــردنەوەی خۆیانـــدا شـــیکار دەکەن، ئەدەبـــیش بەگشـــتی و شـــیعر و وێـــنەی هـــونەری بەتـــایبەتی بیـــر دەکـــاتە یەکێـــک لەڕەگەزە گرنـــگ و ســـەرەکییەکان لە خولْقانـــدنی وێنەکانیـــدا، کەواتە فەلســـەفە و ئەدەب لەبیـــردا کە ڕەگەزێکـــی پێکهێـــنەر و بنیـــاتنەری هەردووکیـــانە هاوبەشـــن و بەیەکـــدادەچن، تەنهـــا ئەوەنـــدە هەیە بیـــر تـــاکە کەرەسی بنچینەیی فەیلەسوفەکانە. (کەریم،٢٠٠٩،ل١١٠).

### 2.5.2.4 ئەفسانەی:

ئەفسانە بەرهەمی مرۆڤە، واتا مرۆڤ خۆی جیهانێک دروست دەکات و پێکهاتەکانی ئەم جیهانەش بە کۆمەڵێک کەرەستەی سەرسوڕهێنەر دەخوڵقێنێ، ئەگینا جیهانێکی وا بە سروشتی لەئارادا نیە و نەبووە، مرۆڤ خۆشی هەڵدەستێ بەگیان بەخشینی کەسایەتیەکانی ناو ئەم جیهانە. لەڕاستیدا وشەی((ئەفسانە لە زۆربەی زمانەکانی ئەوروپی و نا ئەوروپی ئیشکالیەتی ئالۆزی دروست کردووە، ماناکەی نەک تەنها گۆڕاوە ، بەڵکو پێچەوانە بۆتەوە ئێستا بەواتای قسەی دروستکراو و هەڵبەستراو دێت کەچی لە کۆندا بەواتای ڕووداوی واقعی و ڕاستە قینە)) ئاماژەی.(کاکل، ٢٠٠٨-٢٠٠٩،ل٤٠).

### 2.5.3 وێنە لەڕووی بزاوتن و جوڵەوە:

#### 2.5.3.1 وەستاو:

وێـــنەی وەســـــتاو ئەو وێـــنەیە کە وەســـــفی شـــتێکیان بـــۆ دەکـــات لەدۆخێکـــی جێگیـــر و وەســـــتاودا، چـــونکە((ئەو وێـــنە ڕاســـتەوخۆیە یە کە مەودایەکـــی دیـــاری کـــراوی هەیە کە هـــیچ بەهـــایەکی سروشـــداری یـــان نـــاوەکی  هەڵ نەگرتـــووە و هێڵەکـــانی جێگیـــر بـــوون وگەشـــەکردنەکە وەســـــتاوە)) ســـیمای وێـــنەی وەســـــتاوبریتیە لە وەســـفکردنی شـــتێک لەچرکەیەکـــی دیـــاریکراودا وگرینگـــی بەخاســـیەتە هەســـتیەکانی دەدات بەبـــێ ئەوەی گـــۆڕان و پێشـــکەوتنی ئەوشـــتە پیشـــان بـــدات لەمـــاوەیەکی درێـــژ خایەنـــدا لەبەر ئەوە دەتـــوانین وێـــنەی وەســـتاو بەتـــابلۆیەک بچـــوێنین کەدۆخی وەستاوی هەیە تەنیا یەک لایەن دەخاتە ڕوو.(سلیم، ٢٠٢٣، ل١٧-١٨).

#### 2.5.3.2 جولاو:

وێـــنەی جـــولاو لەجۆرەکـــانی وێـــنەی شـــیعرییە لەڕوی سروشـــتەوە لەبـــاری جـــولانەوەدایە، شـــاعیر لەم جـــۆرەدا دەتوانێـــت کۆمەڵێـــک وێـــنەی بەدوای یەک بکێشـــێ . (لەجـــۆری جـــولاویی دا دەبێـــت لەچەنـــد بارێکـــدا بکێشـــرێت، چـــونکە وێـــنەو دیمەنەکـــان دەجـــوڵێننەوە و دەگۆڕێـــت و هەروەک هەســــتیش بەو وێـــــنە و تابلۆیـــــانە دەکەیـــــن هەریەکەیـــــان لەڕێـــــگەی هەســــتێک لەهەســـــتەکانی مـــــرۆڤ هۆشـــــیارەوە وەردەگرێـــــت)، وێـــــنەی جـــــولاو بەزۆری کـــــاری نـــــاو ڕستەکانیان ڕانەبردوون یان داخوازین.(نورالدین،٢٠١٧،ل٥-٦).

### 2.5.4 وێنە لەڕووی پێکهاتە و بنیاتەوە:

دیــارە وێــنەی هــونەری لەڕووی چــۆنیەتی پێکهــاتنەوە وەکــو یەک نــین، بەڵکــو چەنــد ئاســتێکی جیــاواز لە چــۆنییەتیی پێکهێنانیــان بەرچــاو دەکەوێــت، ئەویــش لەســەر خــودی پێکهـاتنی وێـنەی هـونەری دەوەسـتێ. ئایـا وێـنەکە بەتەنیـا هـاتووە، یـاخوود دوو وێـنە ئـاوێتەی یەک بــوون و وێنەیەکــی لێکــدراویان دروســت کــردووە، کە لە ئەنجــامی یەکگرتنــی دوو وێــنەکەوە هــاتووە و لەهــیچ یەکــێ لەوێنەکــان نــاچێ لەپــێش یەکگرتنیــانەوە. یــاخود کــۆمەڵە وێــنەیەک چــونەتە پــاڵ یەک و بە تێکڕایــی وێنەیەکیــان دروســت کــردووە، بەم شــێوەیە بە پێــی ئاستی پێکهاتنی وێنەکە وێنەی هونەری دابەش دەبێ بۆ: (گەردی، ٢٠٢٣، ل١١٦).

#### 2.5.4.1 وێنەی تاک:

ســـاکارترین شـــێوەی وێـــنەی هـــونەرییە لەڕووی پێکهـــاتنەوە. بەوەی کە بـــریتییە لە وێنەیەکــی پــاژەیی دیــاریکراو. ئەم پێکهــاتنە ســادەیە لەوانەیە بچێــتە نــاو بنیــاتی وێــنەی لێکــدراو کە شــێوەیەکی گشــتی تــر و ئــاڵۆزتری هەیە لە وێــنەی ســادە. یــاخود کــۆمەڵ وێنەیەکــی تــاک دەچــنە پــاڵ یەک و بە گشــتیان وێنەیەکــی گشــتی دێنــنە ئــاراوە.کە یە کیەتــی ئۆرگــانی وێــنەکە دەگەینێ.(هەمان سەرچاوەی پێشو،ل١١٦-١١٧ )

#### 2.5.4.2 وێنەی لێکدراو:

جــۆرێکە لەجۆرەکــانی دروســتبوونی وێــنە لەڕووی بنیــاتەوە، بنیــاتی وێــنەی لێکــدراو لەبنیـاتی وێـنەی تـاک پێکـدێت کە ئەمەش دوو وێـنەی تـاک یـا زیـاتر بەخـۆوە داگرێـت، شـاعیر ئەوکـاتە پەنـا دەبـاتە بەر ئەو جـۆرە وێـنەی کە بـۆی نەلـوێ و نەگـونجێ بەتەنهـا تـاکە وێـنەیەک بیـرۆکەکەی دەرببڕێـت، واتە شـاعیر بیـرۆکەی پڕۆژەیەکـی گەورەتـری لەمێشـک دایە و بەتەنهـا وێــنەیەک ناتوانێــت ئامــانجی پــڕۆژەکە بــداتە دەســت ، ئەمەش لەبەر ئەوەیە کە وێــنەی لێکــدراو لە وێنەی تاک ئاڵۆز ترە.(محمد، ٢٠١٤،ل١٠٥).

### 2.5.4.3 **وێنەی گشتی**:

وێــنەی گشــتی ئەو چــوار چێــوە گشــتییەیە لە شــیعردا کە وێــنە تــاک و لێکــدراوەکانی تیــا ڕێـک دەخرێـت ، وێـنە پاژەییەکـان دەچـنە پـاڵ یەک و بە گشـتیان ئەو وێـنە گشـتییە دەکێشـن کە واتــای گشــتی شــیعرەکە دەخــاتە ڕوو و بەزۆری وێــنەی گشــتی چەمــکەکەی لەگەڵ چەمکــی قەســــیدەدا تــێکەڵ دەبێـــت ، لە کـــۆمەڵە وێنەیەکـــی تـــاک و لێکـــدراو پێکـــدێت کە لە دەوری تەوەرێکـــی شـــعوری و بیریـــدا دەســـوورێتەوە (( ســـووڕانەوەی ئەو کـــۆمەڵە وێـــنە ئـــاڵۆزو جۆراوجــۆرەش لە دەورێ یەک تەوەردا پێــی دەوتــرێ یەکیەتــی ئورگــانی. بۆمــان هەیە بڵێــین کە ئەم یەکیەتیــیە لە ئەنجــامی چوانــدنی وێــنەی گشــتی بە لەشــێکی زینــدوو هــاتۆتە کــایەوە )) (گەردی،٢٠٠٣،ل١٣٣).

## بەشی دووەم

### 1 پراکتیزە کردنی وێنەی پیاو لەشیعری کەژاڵ ئەحمەد دا:

هەروەکــو لەبەشــی یەکەمــدا لەڕوانــگەی ســێ ڕەهەنــدی ئــایین و فەلســەفە و دەروونناســییەوە وێــنەی پیــاو باســکرا، هەوڵــدەدەین لەم بەشــەدا چەنــد شــێوەیەکی جیــاوازی وێــنەی پیــاو لەنێــو دەقە شــیعرییەکانی کەژاڵ ئەحــمەد دا بەنمــوونە وەربگــرین و لەســەر کــۆدە شــاراوەکانی ئەودەقــانەدا بوەســتین، کەدواجــار جیهــانبینی شــاعیرێکی مێیــنە بــۆ جیهــانی نێــر سالاری وێنا بکات بەهەموو دڵڕەقی و درۆ و زەبرو زەنگییەکانییەوە.

### 1.1 وێنەی کوڕ:

(کەژاڵ)زیــاتر چــۆتە نــاو باســەکانی تــایبەت بەکــوڕانەوە، وێــنەی کــوڕ لەڕووبەرێکــی تەســکی کــۆمەڵایەتیەوە بەرەو ســنورێکی سیاســی دەبــات، هەنــدێجاریش لەپەیوەنــدیەکانی دایکایەتیدا بەرجەستەی دەکات:

**لەسپێدەی ڕۆژانی دەزگیرانیدا**

**کوڕە درۆی گەورە گەورە ڕیز ئەکات و**

**کچەش خەونی ڕەنگاڵەیی**

**بەوقسانەوە ئەبینێ**

**لەدوایدا،شۆڕش و گەل**

**هەمان کوڕ و کچن، بەڵام**

**ئەبن بەژن و مێردی یەک**

**ئیتر لێرەوە دیرۆکی**

**خیانەت و هەرا و تەڵاق دەست پێ ئەکات** (ئەحمەد،٢٠٠٦:١٥٦)

شــاعیر لەدیــدە کۆمەڵایەتیەکــانەوە بــۆ ئاقــارێکی ساســی دەڕوات و گەرەکیەتــی بەراوردی نێــوان کــچ وکــوڕ لەمــاوەی دەســتگیرانداریدا بکــات، لەگەڵ شــۆڕش و گەل، لەپــێش ســەرهەڵدانی شــۆڕش و دواتــردا،بەو جــۆرەش کــوڕ هاوتــای ســەرانی شــۆڕش دەکــات، کەچەنــدەها درۆی

شـاخ دار بۆخەڵـک دەکەن تـادەگەن بەکورسـی دەسـەڵات، کچـیش بەگەلێـک ، کە خـۆش بـاوەڕو سـادە و سـاویلکەیە و بـڕوا بەهەمـوو بەڵێنەکـان دەکـات، بەڵام دوای گەیشـتن بەئەرزی واقیـع سـەیردەکات شـتەکان ڕێـک پـێچەوانەی خەون و خواسـتی ئەون. ئەو جـۆرە ڕوانیـنە بەراوردکـارییە هەنـدێ جـار لەڕووی تەمەنەوە دەبێـت،واتە(کەژاڵ) دووقۆنـاغی جیـاوازی تەمەنی کوڕان بەراورد دەکات .

**شار چ تونی بابایەکە!**

**لەگەڵ ئەوکوڕانە چاوشارکێمان ئەکرد**

**کە منالبووین....**

**ئێستا هەندێکیان پاسەوانیان لەگەڵە**

**هەیانە ڕۆژانە لە ژنەکەی ئەدات**

**تیاشیاندایە جەردەیە، پیاو کوژە** (ئەحمەد،٢٧٦.٢٧٥:٢٠٠٦)

ڕۆژانـی پـاکی و بێگونـاهی نێرینەکـان دەکەونە بەر زەرەبینـی شـاعیرەوە، کە هێشـتا خـۆڵی هـیچ گونـاح و تاوانێکیـان لەسـەر نەنیشـتوە، بەڵام لەبەر ئەوەی ژیـنگەی شـار ئامـادە سـازی دەکـات بـۆ ڕاهێنـانی مـرۆڤ و گەنـدەڵکردنی ، کـوڕانیش ئەومـۆرکە هەڵـدەگرن و هەریەکێکیـان بەجۆرێـک ناونیشـانی خراپەکـارییەکەی خـۆی وەردەگرێـت ، هەنـدێکیان دەبـن بەبەرپرسـی دڵـڕەق و خۆیـان لەخەڵکـی جیـادەکەنەوە هەمیشـە چەنـدین پاسـەوان لەگەڵ خۆیانـدا دەگێـڕن، چـونکە جـگە لە جـاورو سـتەم شـتێکیان پێشکەشـی هاوڵاتیەکـانی خۆیـان نەکـردووە، بـۆیە نـاوێرن لەترسـی خەڵـک بەتەنیـا بسـوڕێنەوە، گروپێکـی دیـکەی ئەو کـوڕانە بـونەتە دیلـی کلتـوری کـۆمەڵ، بڕوایـان بەفەلسـەفەی هێـز و لێـدان هێنـاوە، یـائەوەی، کە ناتوانێـت لەخەڵـک بـدات ئـارەزووی لێـدان لەمـاڵەوە بەژنەکەی تاقیـدەکاتەوە، بەشێکیشـیان ئەرک و پیشـەی پیرۆزی منالانەیان بیرچۆتەوە و دوای کوشتنی خەڵکانی بێتاوان و دزی و جەردەییەوەن.

## 1.2 وێنەی باوک:

(کەژاڵ) هەوڵیداوە کرۆک و ماهییەتی باوک و باوکایەتی لە کۆمەڵی نێر سالاری نیشانبدات و ئەو کارەسات و ناخۆشیانە دەربخات، کە بەهۆیانەوە توشی مێیینە بوون، جاری واش هەیە باوک دەبێتە ڕەمزی چینێکی بەشخوراوی کۆمەڵ:

**چەند دڵنیام لە مێیەتی ماکەوەکان**

**هێندەش گومان ئەکەم لەوەی**

**کچمان کچ بێ و**

**ژنمان ژن بێ**

**من ئەڵێم پێ ئەچێ**

**دایکیشم باوکم بێ؟!**

**دایکە؟ بابە پێمبڵێ چی بڵێم؟**

**نابینی لە ناووتندا**

**چۆن گۆشاو گۆش سەربڕاوم**

**باوکە بابە بێ خواستی خۆم**

**هاتوومەتە دنیاکەتان**

**دنیای سمێڵ و نێرگەلە**

**ڕێک وەک نەبوو**

**یان وەک کەسێکە نەهاتوو**

**بێ خواستی خۆم .. باوکە بابە** (ئەحمە،٢٠٠٦:٣٢).

شاعیر ڕەخنەیەکی توند لە دەسەلاتی زاڵی باوکایەتی دەگرێت، کەهیچ مەودایەکی کۆمەلایەتی نەهێشتۆتەوە بۆ نەشونماکردنی لایەنەکانی دیکەی کۆمەڵ و بواردان پێیان، تاوەکو بتوانن گوزارشت لەهەست و بوونی ڕاستەقینەی خۆیان بکەن و ناسنامەی خۆیانی پێبسەلمێنن، ئەمەش بۆتە پەیدابوونی جۆرە هەستێک، کەتەنانەت مێیینەش گومان

لەمێیینەتـی خـۆی بکـات و تەنیـا لەڕووی جەسـتەییەوە هەسـت بکـات، کە مێیینەیە، ئەگینـا لەگشـت ڕووەکـانی تـرەوە دەبـێ خۆیـان وەک پیـاو لێـبکەن و لەژێـر چەتـری کلتـوری باوکسـالاریدا ئەو سـەر بـڕینە بەردەوامە دووبـارە دەبێـتەوە ڕۆژانە تـۆختریش دەبێـتەوە ئەم جـۆرە بەنێرکـردنە، سـەرەنجامی ئەوەش وای لەتـاکی مێییـنە کـردووە ئـاوات و ئـارەزوو بەڕۆژانـی بەر لەپەیـدابوون بخـوازێ، خولیـای ئەوەبکـات، کە هەرگیـز نەهـاتبوایە ئەوجـۆرە جیهـانە نێـرینە سـمێڵاوییەی پیـاوانەوە، شـاعیر سـمێڵی کـردۆتە ڕەمـزی پیـاوان لەو کلتـورەدا، دوکەڵـیش ڕەمـزی ناخۆشـی و چەوسـانەوە و بـۆنکروزی دونیـای مێییـنەیە، هەردوو سـیفەتی هێزو ناخۆشی لەگەڵ یەکتریدا پێکەوە کۆدەکاتەوە.

## 1.3 وێنەی برا:

ئەو جـۆرە وێـنەیە، کەمتـر لەچـاو وێنەکـانی دیـکەی پەیوەنـدییە کۆمەڵایەتییەکـانی پیـاو لە شـیعری (کەژاڵ) وێنـای کـراوە، لەشـیعری (هەرهێنـدە بەس نیـیە)دا (کەژاڵ) وێـنەی بـرایەک دەکێشێت وابەستە بەئاینەوە:

**لە دوای من..**

**نازانم چی دەبێت**

**بەڵام دایکم**

**ناو ساجیەکی شل و مل**

**بەگەڕەکەکەماندا دەبەشێتەوە**

**براکەشم باوەشێکی لێ دەبات**

**بۆ مزگەوتە بچکۆڵەکەی سەری کۆڵان** (ئەحمەد،٢٠٠٦: ٦١-٦٢).

وێـنەی بـرا لێـرەدا پەیوەسـتکراوە بەمرۆڤێـک، کە خـۆی بەچەنـد عەقیـدەیەکی نەگـۆڕەوە بەسـتۆتەوە و گشـت گۆڕانکـاری و پێشـوەچوونێک لەدەقە ئایینییەکانـدا دەبینێـتەوە و واهەسـتدەکات، کەمـزگەوت گەورەتـرین مینـبەری ڕۆشـەنبیری ئەو وڵاتەیە و هەرجـۆرە لادان و سـەر پێچـیەک لەو یاسـا پیـرۆز کـراوانەدا بەدەرچـونێکی گەورەو نەخـوازراو دەزانـێ

بەتووندی ڕەتیدەکاتەوە و وادەزانێ، تەنیا کاری چاکە خوازی و خێرخوازی لە گۆشەی مزگەوتەکانەوە دەبێ ئەنجام بدرێت.

## 1.4 وێنەی مێرد:

وێنەی مێرد بریتیە لە نیشاندانی لایەنەکانی پەیوەندی ژیانی ژنان خۆیان، لەگەڵ مێردەکانیان، هەروەها ڕادەی ڕۆشنبیریی و وابەستەیی مێرد لەنێو کۆمەڵدا ئەوەش تابزانرێت، تاچەندێک ئەومێردە لەڕووی هێز داری و عەقڵیەوە دەست ڕۆیشتووە، (کەژاڵ) پەیوەندیەکی باشی لەگەڵ پرۆسەی هاوسەرگیری نەبووەو نێوانی لەگەڵ مێردەکەیدا خۆش نەبووە، ئەوەش ڕاستەوخۆ کاریکردۆتە سەر ناوەڕۆکی دەقەکانی، لەبەر ئەوە لەوێنە کێشانی مێرد دا بەچاوێکی ئەرێنیەوە نەیڕوانیوەتە وێنەکەی، تەنانەت ئەونێگەتیڤیە هەندێ جار بەرەو گاڵتە پێکردن دەڕوات، بەڵام زۆربەی جارژن لەبارودۆخێکی ناتەواویباری دەروونی و جەستەییدایە بەدەست مێردەکەیەوە لەدەقەکانیدا:

**تۆ بڵێ دڵم نەوەستێ و**

**لەشەرمانا نەبم بەپارچەیەک گریان**

**ئەوساتانەی ڕووسووریەکەم**

**بەسەر دەستی مێردەکەم و**

**ژمارەیەک پیرێژنەوە ئەبینم**

**ئەیگەڕێنن کۆڵان کۆڵان**

**هەموو کاتێ من لەسەر خاڵی گومانم**

**من شەرەفی پیاوەکەمم ، بەڵام ئەو شەرەفم نیە**

**من لەپەراسووی چەپم و من شەیتانم** (ئەحمەد،٢٠٠٦:١٥).

شاعیر وێنەی پیاوێکی سونەتی وابەستە بەکلتوری نێر سالاری کۆمەڵی ڕۆژهەڵاتی دەکێشێت، کە هیچ جیاوازیەکی لەگەڵ ئەوانی تردا نیە و هەموو کات پاکیزەیی مێینە بە بوونی چەند دڵۆپێک خوێنی پەردەی کچێنیەوە گرێ دەدات ئەوکات دەبێتە پاڵەوانی شانۆی

سەرکەوتن، کەتوانیبێتی ئەوچەند دڵۆپە خوێنە بخاتە سەر دەسەسرێکی سپیەوە و نیشانی یەکەکەی تاکەکانی ئەوشارەی بدات، ئەو هەمیشە ژن بەشەرەفی خۆی دەزانێ و ئامادەنییە لە بچوکترین هەڵەی خۆش بێت و لەپێناویدا ڕەنگە گەورەترین کارەسات بخولقێنێ ، واتا دەیەوێ ژنەکەی سنوری شەرەفی خۆی بپارێزێت و لەگەڵ هیچ نێرینەیەکی تر تێکەڵ نەبێ، کەبەلایەوە شەرەف پێکرا بریتیە لەسێکس،لەکاتێکدا سنوری شەرەفی خۆی نازانێ خۆی بەشەرەفی ئەو دانانێت، ئەوجۆرە وێنە کۆنەپەرستییەی مێرد دیدێکی ئاینیشی لەخۆیدا حەشاردراوە، کە خۆی لەباری جەستەیی مێیینەدا دەبینێتەوە و هەمیشە وادەکات، کە ژنان گومان لەڕاستی و بنەچەی دروستبوونی خۆیان بکەن و نەتوانن بوونی خۆیان بسەلمێنن، چونکە زۆر بەی دەقە ئایینییەکان پشتگیری لەو جۆرە دروستبوونە دەکەن، هەروەک چۆن پاکیزەییەکەش بەهەمان شێوە،

## 1.5 وێنەی پیاوی دیکتاتۆر:

لەمەدا وێنەیگەورەترین پایەی نێرینە دەخرێتە بەر باس و هەڵدەسەنگێنرێت، شاعیر ئازادانە لەدوای ڕاپەڕین وێنەی سەرۆکی پێشوی وڵات دەکێشێت، کەدیکتاتۆرێکی دڕندەو نالەبار بووە:

**لەسەر گڵکۆی هەرشەهیدێ**

**لە ملکەچی هەر بێوەژن،**

**هەر هەتیوێکی شەوی جەنگ**

**لە تەوێڵی مێژوو بە قەڵەمی ئێسک**

**بەمەرەکەبی بەحری خوێن**

**لەڕووخساری هەر وێرانەیەک بنووسن**

**تەبەد یەدا سەدام حسێن** (ئەحمەد،٢٥:٢٠٠٦).

شاعیر ئەونەهامەتیانە باس دەکات ، کەلەسەر دەستی سەرۆکی دیکتاتۆری پیاو بەسەریاندا هاتووە، ئەونەهامەتیانەی وایانکردووە لەهەرماڵێک شەهیدێک هەبێ و لەهەر خێزانێک

ژنێـک بێـوەژن کەوتبــێ و وڵات ببێــتە گۆڕســتانێکی پــڕ ئێسـک و پروســکی هاوڵاتیــان، بــۆیە مەبەســتیەتی قەڵەمبەئێســکی قوربانییەکــان و ڕەنگــیش بەخــوێنی شــەهیدەکان لەو شــوێنانەی دەســتی نەهــاتمەتی و چە،ســاندەنەوەی ئەودڕنــدەیەی پێکەوتــوە تاوانکارییەکــانی ئەونێــرینەیە بەتەویڵــی مێــژووەوە بنوســرێتەوە پێــی بوترێــت دەســتەکانت هەڵــوەرێ بــۆچی ئەوکارەســاتە جەرگ بڕاویــانەت بەســـەر ئەم مــیلەتە بێچــارەیە هێنــا، (کەژاڵ)لەوێـــنەیەدا ویســـتویەتی دیوەتاریکەکەیکەســایەتی (ســەدام حوســێن) دەربخــات و ســەر زەنشــتی کــار و کردەوەکــانی بکــات بەئاشــکرا پێیبلێــت،کەئەمەیە مێــژووی دەســەڵات پیــاو بــۆ ســەر مرۆڤــایەتی ،کەجــگە لەهەژاری وویرانی شتێکی دیکە نیە.

### 1.6 وێنەی پەیامبەر و پیاوانی ئاینی :

مەبەســت لە وێــنەی ئــاینی پیــاو دیــد و بۆچــون و ڕەنگــدانەوەی وێــنەی پەیــامبەران و پیــاوانی ئــاینی کــۆمەڵە، لای (کەژاڵ)وێــنەی پەیــامبەران بەتــایبەتی (مەســیح)بە چــاوێکی ئەرێنییەوە سەیری کراوە و وەکو ڕەمزێکی پاکیزەی نێرینە باسی کراوە:

**تۆ نەبووبوویت**

**خاچ کون بەکون بۆت دەگەڕا**

**بمزانیایە ناتوانێ بەڕەحم بێ بۆت**

**لەگەڵ لەدایک بوونتدا ئەموت:وەرە**

**بگەڕێرەوە ناوجەستەی پڕ لەئارامیی دایکی خۆت!**

**بمزانیایە ناوت لێ ئەنێن(کوڕی خوا)**

**نەم دەهێشت بێیت**

**کە هیچ شەوێ من نەنوستبم لەگەڵ خوا**

**ئەو نابێتە باوکی کوڕ و**

**کە باخەڵی ئەوم دیبێ بۆ ناوم لێبندرێت (عذراء)** (ئەحمەد،٢٠٠٦:٨).

شـــاعير هەوڵــدەدات دووجیهــانی جیــاواز لەوێنەیەكــدا كۆبكــاتەوە، دنیــای بەر لەدایــك بـــوون و پــاكی ، لەگەڵ جیهــانی دەرەكــی دوای لەدایــك بـــوون، كەجیهـــانێكە پــڕ لەدەرد و ناخۆشـــی و درۆ، لەورێگەیەشـــەوا دەســـتی ســكاڵاكانی بـــۆلای خوداوەنــد بەرز دەكــاتەوە و گازانــدەی پیســی و گەنــدەڵی هەنــدێ مرۆڤـــی لـــێ دەكــات، كەهەردەم بەدوای تێكــدان و پیســكردنی پاكییەكــانی ژیــانن، هەروەك چــۆن ســكاڵای نە پاراســتنی كەســێكی وەك(عیســا)ی لێــدەكات، شــاعیر دەیەوێ وێــنەی بــاوی كــۆمەڵ لە ناســنامە بەخشــین بەمنداڵــدا بســڕێتەوە و هەســت دەكــات لەڕەگێكــی ئــایینییەوە ســەرچاوەی گرتـــووە و بەشــێكی كــۆن و كلتـــورێكی خراپیــدادەنێت، چــونكە دایــك و بــاوك هەردووكیــان بەشــدارن لەدروســتبوونی منداڵــدا بەشــێوەیەكی یەكســان، ئەی بــۆ بەنــاوی یەكێكیــانەوە بكرێــت، ئەویتــر نا!(كەژاڵ)لەبارجەســتەكردنی بیرەكەیــدا كــارامەییكی بــێ وێــنەی نوانــدووە، لەڕێــگەی تێكەڵكردنــی چیرۆكێكــی ئــاینی مەبەســتیەتی بڵــێ:ئەو كــۆمەڵە توونــد دەســتی گرتـــووە بەو نەریــتە كــۆنەی ناســـنامە بەخشــین، تەنــانەت ئەگەر منــداڵەكە وەك عیســـاش بـــێ بـــاوك لەدایــك بووبێــت، ئەوا هەر نێرینەیەكــی بـــۆ دەدۆزنەوە، تـــا بـــیخەنە ســـەر نـــاوی ئەو نێــرینەیە و مانـــدوو بـــوون وناخۆشـــی و مـــافی دایكــایەتی و ژانــیش فەرامــۆش بكەن.وێنەیەكــی تــری ئــاینی لای (كەژاڵ)وێــنەی مەلاكــانە، كە هەمـــوو تێكەڵاوییەكــی ڕەگەزەكــان لە شـــەریعەتدا دەبیننەوە و دەسەڵاتێكی گەورەشیان هەیە بەسەر سیستەمی هاوسەرگیر ییەوە:

**تۆ بڵێی شەریعەت بەس بێ**

**ئەی دەزگیران**

**بۆئەوەی من لەیەك شەودا**

**كچێنی خۆم بدۆڕێنم**

**لەناو نوێنی ژووری خەوا!**

**ئەی مارەبڕ، ئەی ئەی مامۆستای سەر لێ شێوان**

**ئەگەر ئەتزانی  كچێنی لای ئافرەتی ئێمە چییە و چۆن پارێزگاری لێئەكرێ**

**ئەتزانی بۆ ئاسان نیە لەدەست بدرێ**

**گرانە و گەلێکیش گران...** (ئەحمەد،٢٠٠٦:١٥).

شـــاعیر ڕەخـــنە لەپیـــاوانی ئـــاینی دەگرێـــت، کە تەنیـــا پشـــت بەشـــەریعەتی ئـــاینی دەبەســـتن لە پرۆســـەی هاوســـەرگیریدا، هەروەهـــا ڕەخـــنەش لەو پێـــوەرە کلتـــوورییە کـــۆمەڵایەتییە دەگرێـــت، کە وەرگیـــراوی ئـــاینە لەدیـــاریکردنی پـــاکیزەیی مێینەکـــان، هەروەهـــا بازنەکـــانی بەژن بـــوون بەبـــازنە گەلـــی تەنـــگ و تەســـک دادەنـــێ ، کە تەنیـــا لەڕێـــگەی ئـــایینەوە لەلایەن هەنـــدێ پیـــاوی ئـــایینییەوە پاشـــەڕۆژی بـــۆ دادەنرێـــت، کە هـــیچ شـــتێک لەبـــارەی دنیـــای کچێتـــیەوە نـــازانن، جـــگە لەچەنـــد دڵـــۆپە خوێنێـــک نەبێـــت، نـــاتوانن شـــۆڕببنەوە بـــۆ قـــوڵای ناخیـــان، ئەو کارەشـــیان بـــۆتە هـــۆی شـــێواندن و تێکـــدانی خـــودی کەســـایەتی مێینەکـــان و بەهـــۆی کەم زانینیـــانەوە ســـەریان لە تەواوی خەڵکـــیش شێواندووە و ستونێکیان بۆ ئەو کلتورە داناوە کەس نەتوانێت لێی لابدات.

# ئەنجام

1. کەژاڵ یەکـێکە لەو شـاعیرە ژنـانەی کە بەبـوێریەکی زۆرەوە توانیـویەتی دیـد و تێڕوانینـی خـۆی لەدەقە شـیعریەکانیدا بەرامـبەر بەپیـاو دەرببڕێـت، و دەکرێـت بەسـەرئامەدی ئەو جـۆرە شـیعرە دابنرێـت کە بـۆ ڕەخـنە گـرتن لە پیـاو نوسـراون، واتە ئەو شـیعرانەی کە دیدێکی فیمینیستییان هەیە لە ئەدەبیاتی هاوچەرخی کوردیدا ...
2. بەشـێوەیەکی گشـتی کەژاڵ ڕەخـنە لە سیسـتمی باوکسـالاری کـۆمەڵی کـوردی دەگرێـت و بە هۆکـارێکی دەزانێـت بـۆ چەوسـاندنەوەی ژن و لەم جـۆرە ڕەخنەیەشـدا بـوێری و ئازایەتی خۆی دەرخستووە.
3. دیـدی کەژاڵ بەرامـبەر پیـاو دیـدێکی نەرێنیـیە و ئەو وێنانەشـی کە کێشـاویەتی زۆر بەیـان ڕۆکاری خراپی پیاو نیشاندەدەن، هەرچەند هەندێ جۆرە وێنەی پۆزەتیڤیشی کێشاوە.
4. لەو وێنـانەی کە بـۆ پیـاوی کێشـاوە هەسـت بەوە دەکرێـت،کە شـاعیر لەبـری تـوێژەرێکی کۆمەڵناسـی و دەروونناسـی هەوڵیـداوە شـیکردنەوەیەک بـۆ ڕەگەزی بەرامـبەر بکـات لەنـاو کۆمەڵەکەی خۆیدا.
5. بەشـێوەیەکی گشـتی کەژاڵ توانیـویەتی چەنـدین جـۆر وێـنە لەوانە:وێـنەی بـاوک، کـوڕ، مێـرد، معشـوق، ڕۆمانسـی، دیکتـاتۆر، نەرگسـی، ناپـاک، سیاسـی، هەوەسـباز، ئـاینی، ڕۆشنبیر.....بکێشێت.

# سەرچاوەکان


- احمەد, مەریوان حمەکریم. (٢٠٢٢). بنیاتی وێنەی هونەری لە شیعری(سالم)د، نامەی دکتۆرا،زانکۆی سلێمانی،کۆلێژی زمان،بەشی زمانی کوردی،بەسەرپەرشتی پ.د.فازیل مەجید مەحمود. سلێمانی.

- الحلايقة، غادة،(2016). موقع موضوع،تعريف_الشعر،لينكwww. mawdoo3.com

- بزێنی, سەعد فاروق یوسف شێخ، (٢٠١١). بنیاتی هونەری لەشیعرەکانی ئەحمەد موختار جاف،نامەی ماستەر،پێشکەشەبەبەشی زانستە مرۆڤایەتیەکان،زانکۆی سەلاحەدین. هەولێر.

- بەکر, سامان وەستا، (٢٠٢٢). لە سپیدیا، وەرگیراوwww.speemedia.com .

- حمە,هیتلەر ئەحمەد،(٢٠٠١). وێنەی شیعری لای نالی، نامەی ماستەر، زانکۆی سەلاحەدین ،کۆلێژی ئاداب، هەولێر.

- بکر,د.هیمداد حوسێن & حسین,م.ی.سەنگەر نازم. (٢٠٢٠). ئەدەبی نوێی کوردی(لێکۆڵینەوە و رەخنەی پراکتیکی) (چاپی یەکەم). هەولێر: لە بڵاوکراوەکانی ناوەندی ئاوێر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە.

- زانۆ. (٢٠٢٣). لە سایتی ژنەفتن،وەرگیراوە،لینک ، wwww. jineftin.krd

- نوسینی،لێژنەیەکی پسپۆڕ،وەرگێڕانی لەلایەن،جەلال خەلەف ژاڵەیی. (٢٠٠٤). دەروونزانی کۆمەڵایەتی. سلێمانی.

- سدیق, فوئاد. (٢٠١٥). دەروونزانی کۆمەڵایەتی. هەولێر.

- سلیم, لانە صادق. (٢٠٢٣). وێنەی شیعری لە قەسیدەی (فاتە شێت)ی سەرکەوت ڕەسول دا،نامەی دەرچوون،بەسەرپەرشتی پ.ی.د.سەردار ئەحمەد حەسەن گەردی، کۆلێژی پەروەردە،زانکۆی سەلاحەدین،بەشی زمانی کوردی.

- صالح, شیماء خلیل حمە. (2022–2023). وەسفی یار لەشیعری کوردیدا بەنمونەی شاعیران(پەشێو،مەدهۆش،محسین ئاوارە)،نامەی دەرچوون، بەسەرپەرشتی د.ابراهیم حسن حمد ،کۆلێژی پەروەردە،زانکۆی سەلاحەدین،بەشی زمانی کوردی.هەولێر.

- عبدڵلا, کانیاوبکر،میرە،ئەحمەد محمەد ڕەشید & فەرەج،دیلان سەلام حمە، (٢٠٢١). وێنەی شیعری لە شیعرەکانی"سالم"دا،نامەی دەرچوون ، زانکۆی هەڵەبجە،کۆلێژی پەروەردەی شارەزوور،بەشی کوردی.

- عزیز, عزالدین احمد، (٢٠١٤). بنەماکانی دەروونزانی گشتی،سەرچاوەیەکی زانستیە بۆبابەتەکانی دەروونزانی،دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ڕۆژهەڵات،چاپی پێنجەم، هەولێر.

- محمد, دلشادعلی، (١٩٩٨). بنیاتی هەڵبەست لەهۆنراوەی کوردیدا،نامەی ماستەر،لێکۆڵینەوەیەکی ڕەخنەیی بەراورد کارە، کۆلێژی ئاداب ،زانکۆی سلێمانی، چاپ خانەی ڕەنج،پێشکەشی کۆلێژی ئادابی زانکۆی سەلاحەدینی کردووە.

- عیسی, هاوژین سلیوە، (٢٠٠٩). بنیاتی وێنەی هونەری لەشیعری شێرکۆ بێکەسدا ،نامەی دکتۆرا،لێکۆلینەوەیەکی ئەدەبیە،چاپی یەکەم ساڵی ٢٠٠٩، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم سلێمانی.

- عەبدوڵلا, د.ئیدریس، (٢٠١٠). شێواز و شێواز گەری،مامۆستای وانەکانی(شێوازی ئەدەبی)و(ئەدەبی هاوجەرخی کوردی)، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.
- کاکل, هەڵمەت عوسمان، (٢٠٠٨-٢٠٠٩). وێنەی هونەری لەشیعری(حەسیب قەرەداغي)دا،نامەی دەرچوون، بەسەرپەرشتی هاوژین سلیوە عیسی ، بەشی کوردی،کۆلێژی زمان ،زانکۆی کۆیە.
- کەرکوکی, ئاریان، (٢٠١٨). تاک و کۆمەڵ چی ئەیان باتە ڕێ. کەرکوک.وەرگیراوە لە سایتی www.kurdstanpost.com
- کەریم,فەرهاد قادر، (٢٠٠٩). بنیاتی وێنە لە شیعرەکانی حەمدیدا،نامەی دکتورا، بەسەرپەرشتی،پ.ی.د.محەمەد دلێر ئەمین محەمەد، کۆلێژی زمان ،زانکۆی سلێمانی .
- گەردی,سەردار ئەحمەد حەسەن، (٢٠٠٣). بنیاتی وێنەی هونەری لەشیعری کوردی دا(١٩٧٠-١٩٩١),نامەی دکتۆرا،بەسەرپەرشتی،پ.ی.د.دلشاد علی محمەد، پێشکەشە بە کۆلێژی زمانی زانکۆی سلێمانی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم.
- گەردی, سەردار ئەحمەد حەسەن، (٢٠٢٣). ڕەخنەی پراکتیکی،چاپی یەکەم، هەولێر.
- محمد,علی محمد، (٢٠١٤). بنیاتی وێنە لە شیعرەکانی(میهری)دا،نامەی ماستەر لە ئەدەبی کوورديدا، بەسەرپەرشتی،پ.ی.د. نەوزاد وەقاس سەعید ،پێشکەشە بە کۆلێژی پەروەردە زانستە مرۆڤاییەتیەکان ،زانکۆی سەلاحەدین،هەولێر.
- مستەفا, ئاسۆ عمر، (٢٠٠٧). بەها ئیستاتیکیەکانی شیعری لای پیرەمێرد و شێخ نوری شێخ سالح و گۆران، نامەی ماستەر، بەسەرپەرشتی،پ.ی.د.کەمال موعروف، پێشکەشی زانکۆی سەلاحەدین ،کۆلێژی پەروەردە ی کردوە،چاپی یەکەم،چاپ خانەی خانی (دهۆک).
- موحەمەد,یاسین (٢٠٢٠). ویکیپیدیا.wikipedia.org/wiki/Gender.
- نورالدین, جنان عبدالرحمن, (٢٠١٧). وێنەی پیاو لەدیدی شاعیر (ناڵە عبدالرحمان), نامەی دەرچوون،بەسەر پەرشتیی م.زەهرا ئەحمد قادر, زانکۆی سەلاحەدین،کۆلێژی پەروەردە،بەشی زمانی کوردی هەولێر.
- کۆمەڵە نوسەرێک، چەند تێڕوانینێک بۆ شیعری کوردی، لە ناو خەیاڵ و روح،لێکۆلینەوە (لاپەڕە ل١٩٥).
- ئەمین,عبدولقادر مۆمەد (٢٠٠٢). وێنەی شیعری لەڕێبازی ڕۆمانسی کوردی دا،لێکۆڵینەوەیەکی ئەدەبیە،سلێمانی: زنجیرە کتێبی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم(١٩٩).
- حسین،د.هیمداد،(٢٠٢٠).ئەدەبی نوێی کوردی،(لێکۆلینەوەو ڕخنەی پراکتیکی)،ناوەندی ڕۆشنبیری ئاوێر.
- بکر،پ.د.هیمداد حسێن، حسێن،ی.م.سەنگەرنازم (٢٠١٨). وێنەی پیاو لە شیعرە کانی کەژاڵ ئەحمد،گۆڤارێکی زانستیە کە پێداچونەوەی بۆکراوە،لەلایەن زانکۆی لبنانی فەرەنسی بڵاوکرایتەوە،بەرگی(٣)،ژمارە(٤).
- حسێن،ی.م.سەنگەرنازم(٢٠١٥). وێنەی پیاو لە شیعرە کانی کەژاڵ ئەحمد و فروغی فروخ زادە، نامەی ماستەر لە ئەدەبی کووردیدا، بەسەرپەرشتی، پ.د.هیمداد حسێن، پێشکەش بەئەنجومەنی کۆلێژی پەروەردە ی زانکۆی سەلاحەدینی کردووە.